# قافڵەکە دەڕوات و سەگەکانیش دەوەڕن

**عبدولا علی**

ماناکانی ئەم پەندە لێکدانەوەیەکی ئەوتۆی ناوێت، بەوپێیەی لە پشت ئەم دێڕەوە شەبەحێک نابینم و شتێکی عەجیب نەوەستاوە تا ئێمە کەشفی بکەین،وەلێ دەکرێت مافێکی سەرەتایی خۆی بدەینێ،چاوەکانت بۆتاوێ لێک بنێ وبە ئاستەم بیرێک بکەرەوە قافڵەیەک ئینسانی کوڵ بەکوڵ دەڕۆن ودەیانەوێت تاریکای شەوکون بکەن، دەرگایەک ببینن و بیکەنەوە تا ئێوارانێک ژنان بە حەسرەتێکی سەر ڕێژەوە بڕواننە جوانی،منالان ژیانی منالییان مومارەسە بکەن و هەربەسادەیی پیر نەبن وهەنگاوبەرەو فەنا بوون نەنێن، پیاوان ڕوخسار بە خەندەو باوەشکەرەوە بۆ ژیان بن، ئیترکچانی 12سالە سێ جار دانەنەون پێلاوی باوکیان ماچ بکەن وهەر بیشیان کوژن، ئەم قافلە ئینسانە لە ڕێگایەکی خاوێنەوە بەرەو هەوارێکی خاوێن ڕێدەکەن، بەلام کۆمەلێ ئینسانیتر(سەگەکانیش)بە پێی مەفهومی پەندەکە بوەڕن کە چاویان بە تاریکی ڕاهاتوەو نایانەوێت چاوەکانیان بە ڕووناکی بڕێژن،دیسان دەکرێت بڵێین قافڵەیەک دەڕوات دەسپێک ڕێگایەکی پۆخڵیان هەڵبژاردوەو بەرەوهەوارێکی پۆخڵ ڕێدەکەن، کەسانێکیش پەیدا دەبن دەیانەوێت ئەم ڕێگا پۆخڵ وهەوارە پۆخڵە لە قاوبدەن و شەرمازاری بەردەم ئەرزو ئاسمانی بکەن،قافڵەچییەکانیش ئەمانە بە سەگ دەشوبهێنن،

هەرچەندە مقیاسکردنی هەردوولا چ- نەگەتیف یان پۆزەتیف- ناکرێت بۆ ئینسانی بەکار بەریت بەوهەمووخۆشەویستی وعەشقەوە کە بۆ ژیان هەیەتی،وەلێ لە خەیاڵی مندا ئەمەمانای ئەم پەندەیە کە من دامنەهێناوە هەرئەوەندە دەهێنێت کە دوام لەسەری،ئەوەتانەک هەردوان بەنیگەرانییەکی زۆرەوە کردومە بە ناونیشانی ئەم کورتە باسەم، چاک یان خراپ ڕووی پێشینان و داهێنەرانی دەگرێتەوە، دیسانیش ئەو یارییەی کە من پێی دەکەم لانیکەم لای خۆم ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

بەدەرلە ڕێزو خۆشەویستی وحورمەتم بۆ ئینسان دیارە بەو بەشە زۆرەی نوسەران و ئازادیخوازانیشەوە،پێم وایە ئەم بوونەوەرە جوانە بۆیە دروست بووە کە ژیانێکی جوان وشایستە بە خۆی هەبێت،وەلام ووەلام بدات وەربگرێت،جوانی ببەخشێت بە بەرامبەروجوانی وەربگرێتەوە،هەرچەندە بەداخەوە مێژووی ئینسان مێژووی خوێن لەبەر ڕۆشتنیەتی لەهەموو شەڕە گەورەو بچکۆلەکانا کە تیمێک ئینسانی شەڕەنگێزلە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بەسەر کۆمەڵگادا سەپاندویانە، سالانێکی دوورو درێژە ئەم تیمە بەسەرزۆربەی مێژووی بەشەریەتی مەحروم و دەست تەنگەوە کەلەگایی دەکەن، هەمیشە بێ نانی و هەژاریی دیاری دەستیان بووەو تینوێتیان تەنها بە خوێن شکاوە.

بۆزیاتر ڕونکردنەوەی بابەتەکەم بە چەند پرسیارێکی سادە دەست پێدەکەم....سادە وەک خۆم....سادە وەک قوربانیانی بێڕەحمییەکانی ڕۆژگار....سادە وەک تەفروتوناکردن و وێرانکردنی ژیان و ژن،دیارە لەئەقڵی سەرۆکە خێڵخوازەکانەوە لە کوردوستان.

ئایە هەر بەڕاستی ئەم دەسەڵاتە ئێمە وەک ئینسان حساب دەکات؟ ئایە هەر بە ڕاستی هەست بەوە دەکات ئێمەیش کۆمەلێ ئینسانی ئەو جوغرافیایەین و لەگەڵ غەم و خۆشییەکانی ئەو کۆمەڵگایەداین؟ ئایە ئەم دەسەڵاتە دەخوێنێتەوە ئەگەر دەخوێنێتەوە تێدەگا ت و تێدەفکرێت؟

چاوەکانیان توانای بینین و گوێکانیان توانای بیستنیان ماوە؟ ئەگەر یەک تۆز ئیلاقەمەندە بەم سادە پرسیارانەوە، ئەوە بۆچی نەبەنووسین نە بە پراتیک وەڵامێک بە خواستەکانی خەڵک نادەنەوە؟ ئایە داواکانی ئێمەوەک خەڵک لە ئاسمانەکانەو دەستیان نایگاتێ؟ گڕی بورکانەو ناوێرن لێی نزیک ببنەوە؟ یان سەهۆڵ بەندانەو دەتەزن گەرلە ڤێلاکانیان بێنەدەرئاخرزۆربێمانایە کۆمەڵێ ئینسان کەبەنانی هەرئەوخەڵکە سەردەمانێک ژیاون....ئاوا لوت بکەنە ئاسمان ونوقمی وەهمی دەسەڵاتێک بن کە خۆیشیان نازانن ئایندەکەی بەرەوکوێ دەچێت،تەنهاوتەنها بەشوێن ژیانی خۆیانەوەبن، لەمبەریشەوە کۆمەڵێ ئینسانی دڵسۆزو شەریف ڕۆژانە ئەم هەمووهەواڵە دڵتەزێنە، ئینسان هەژێنە، دەبینن و دەبیستن....بۆی دێنە سەرشەقامەکان....کەچی بای قسەو هەناسەی ئەم هەموو خەڵکە دەست تەنگ و توڕەو نیگەرانە ملیوانی کراسەکەیان ناجوڵێنێت، ناتوانێت وایان لێبکات بە ئاستەمیش بێت لایەک بکەنەوە ڕوبە داواکارییەکانی خەڵک و بزانن چی دەخوازن.

لەسەرهەر ڕوداوێک بەشێکی فراوان لە خەڵک قسەدەکەن و دەنووسن، فریای خوێندنەوەی وتارو شیعرو

ڕازوگلەییەکان ناکەوین کارەساتێکی جەرگبڕتر دێت بەسەردا،بۆخۆم وام لێهاتوە ناوێرم کلیکی سایدەکان

بکەم،ئاخرهەمووڕۆژێ وێنەی ڕاکشاوی ژنێکی خوێناوی دەبینم بە ڕوخساریانەوە،بەڵام دەسەڵات بێمنەتەلە بەرامبەرهەمووشتێکدا،ئەمەش ئەگەر لوتکەی بێئەقڵی نەبێت خۆ ئەقڵانیش نییە وەک خۆیان و نوسەرەکڵۆڵەکانیان بانگەشەی بۆ دەکەن، پرسیاری من ئەوەیە تۆبڵێی ئەم ئاغایانە بە پێی ماناکانی ئەو پەندەی سەرەوە تەعامولمان لەگەڵ نەکەن؟ تۆبڵێی گەربەڕێکەوت شتێکیان بیست و خوێندەوە گاڵتەیان بە ئەقڵمان نەیەت ولە ناخی دڵەوە پێمان پێنەکەنن!من نەک هەرگومانم نییە بەڵکو دڵنیاشم کە بەوچاوە سەیری هەمووتاکێکی کۆمەڵگا دەکەن،بە منێکی سادەو بە تۆیەکی خۆ بە زەبەلاح زانیشەوە.

تێڕوانینەکانمان هەرچۆن بن بابن،لێکدانەوەکانمان هەرچی هەن بابن،وەلێ لای هەمووکەسێکی ویژدان زیندووبەئینساف ڕوونە کە دوو کۆمپانیای یان دوو حووت کۆمەڵگا بەشەلە شەل بەڕێوە دەبەن،لەمێژووی هیچ پارت و شۆڕشێکدا نییە کابرا دەفتەری سیاسی پارتێک بێت ، بە قەولی خۆی سەرقاڵی سیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا بێت جا (بەوحاڵەوە کەدەیبینین) خۆی ئیدعای حکومەت و پەڕلەمان و سیاسەتی هەبێت،پێشتریش خاوەنی هیچ سەروەت وسامانێک نەبوبێت،بەڵام لە ماوەی تەنها 16 ساڵدا بوبێتە ملیۆنێر ناکرێت ئینسان نەپرسێت تۆ ئەگەر خەریکی سیاسەتی ئەمەت لە کوێ هێنا،ئەگەر خەریکی کاسپی ڕەش بوویت بۆچێ پێت وایە سیاسەت دەکەیت و خۆت بە خودای موراڵ و فریشتەی زەمانە دەزانی.

هەواڵەکان وادەڵێن!! ئەمڕۆحەوتی چوار دۆعا لە بەعشیقە بەردەباران کرا، دەیان پیاوی کەلە پووت و ساویلکە ی شەرەف پارێزلەسەر جەستەی تەنهاوناسکی هەڵپەڕین، هەموومان بە دەنگ و ڕەنگ بینیمان و بە دیارییەوە توڕە بووین و گریاین.

ئەمڕۆسیانزەی پێنج شەوبۆکوژراولاشەی تەنهاو بێنازی لای سەیتەرەکەی بێستانە فڕێ درا.

ئەمڕۆژنێک لەسەرلوتکەی گۆیژە لە سلێمانی دۆزرایەوە بە جلی بوکێنییەوە دەستەکانی خەنەی پێوە بوو.

ئەمڕۆلە خانەقین ژن و پیاوێک لە دوکانێکدا بە کوژراوی دۆزرانەوە،کە بە بلۆک سەریان پان کرابوەوە.
ئەمڕۆ ئامینەی تەمەن دوانزە ساڵانە دوای ئەوەی سێ جاردانەوییەوەو پێکانی باوکی ماچ کرد،بەڵام باوک دڵی بەرد بوو کوشتی.
ئەمڕۆلە زاخۆ کوڕێک خوشکەکەی خۆی کوشت.
ئەمڕۆژنان لە کەلارداهێنانێکی تازەیان دۆزیوەتەوە بۆ خۆ کوشتن سرنج پڕ دەکەن لە نەوت ولە خۆیانی دەدەن.
ئەمڕۆو ئەمڕۆو ئەمڕۆو ئەمڕۆووووو ئەمڕۆووووووووو ئەمڕۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆ!!1
بەڵام دەسەڵات هەنگاو نانێت بۆچارەسەرکردنی هیچ یەکێک لەم کێشانە، ئیترکێ دەڵێت دەسەڵات وەک پەندەکەی سەرەوە سەیرمان ناکات؟ ئایە ئێوە گومانتان هەیە؟.

2007–5–28